زانکۆی سۆران
فاکەڵتیی ئاداب
بەشی زمانی کوردی

# ڕەهەندی ئەفسانەیی لە ڕۆمانی (بەڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانی دا

توێژەر:
سەروەر حمدامین حاجی

ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پروانامەی بەکالۆریۆس،
لەلایەن توێژەرەوە پێشکەشی سەرۆکایەتیی زمانی کوردی کراوە

سەرپەرشتیار:
پ.ی.م. فەرهاد عزیز حسن

٢٧21کوردی
2021زایینی

## پێشکەشە

__ پێشکەشە بە زۆر بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتیارم، م.فەرهاد.

_ پێشکەشە بە دایك وباوکی خۆشەویستم.

_ پێشکەشە بە خوشك و برا ئازیزەکانم.

_ پێشکەشە بە سەرۆکایەتی بەشی کوردی و مامۆستا بەڕێزەکانی.

## سوپاسنامە

_زۆر سوپاسی بەرێز م. فەرهاد دەکەم، بۆ ماندوبوونی لەگەڵم وەک

**سەرپەرشتیاری**

**توێژینەوەکە، کە بە سەرنج و پێشنیازەکانی توێژینەوەکەی بەپێزترکرد.**

**-سوپاسی هەموو ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم، کە هەمیشە پالپشت و هاوکارم بوون.**

## پێرست


| **بابەت** | **لاپەڕە** |
| --- | --- |
| پێشەکی | **1** |

| | |
|---|---|
| **بەشی یەکەم** | |
| چەمك و زاراوەی ئەفسانە | **3** |
| پێناسەی ئەفسانە | **5_4** |
| جۆرەکانی ئەفسانە | **8_7** |
| **بەشی دووەم** | |
| پەیوەندی نێوان ئەفسانە وئەدەب | **10_9** |
| مەزراندنی ئەفسانە لەناو دەقی ئەدەبیدا | **11** |
| ڕەهەندی ئەفسانەیی لە ڕۆمانی(بەڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانی دا | **15** |
| ئەنجام | **30_29** |
| لیستی سەرچاوەکان | **31** |

# پێشەکی

ئەفسانە(میسۆلۆژیا) لە سادەترین ناساندنیدا دەکرێت بڵێین سامانێکی دەوڵمەندی کلتوری هەر نەتەوەیەکە، نەتەوەی کوردیش لەو سامانە بێ بەش نییە، هەروەها بەهێزترین توخمی کلتور میسۆلۆژیایە، فاکتەرێکی بەهێزە بۆ گواستنەوەی بەهاو بیرو باوەڕە پیرۆزەکان بۆ تازە پێگەیشتوانی کۆمەڵگە، هەمیشە مەبەستێکی شاراوەو نادیار لە ناوەڕۆکەکانیاندا بەدی دەکرێت، بەمەش لە زینمان تۆمار دەبێت. ئەو مانا شاراوەو نادیارەش لە سادەترین شێوەیدا، چەمکێکی خێرە یان شەڕە، هەر بۆیە بۆ دەرخستنی ئەو مانا شاراوە و چەمکی خێرو شەڕە ئامانجمانە ڕۆمانی بەڕێگاوە، کە ڕۆمانێکی تازەی نووسەر دڵشاد کاوانییە شی بکەینەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنە ناونیشانی توێژینەوەکەمان لە ژێر ناوی **ڕەهەندی ئەفسانەیی لە ڕۆمانی(بەڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانی دا** تەرخانکردووە. توێژینەوەکە بەگشتی لە دوو بەش پێکهاتووە.

**لەبەشی یەکەمدا** هەوڵمانداوە تیۆریەکە بخەینەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش هەریەکە لە بابەتەکانی **چەمك و زاراوە ی ئەفسانە**، **پێناسەی ئەفسانە، جۆرەکانی ئەفسانە،** خراوەتەڕوو.

**لەبەشی دووەمدا** لایەنی کارەکی (پراکتیکی) توێژینەوەکەیە، **پەیوەندی نێوان ئەفسانە و ئەدەب**، **مەزراندنی ئەفسانە لەناو دەقی ئەدەبیدا، ڕەهەندی ئەفسانەیی لەڕۆمانی (بەڕیگاوە)ی دڵشاد کاوانی دا،** خراوەتە ڕوو.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ڕەهەندی ئەفسانەیی توێژینەوەکەم لەسەر ڕۆمانی کوردی کراوە، هەروەها ڕۆمانی بەڕێگاوە ڕۆمانێکی نوێیە و نووسەرەکەی بەڕەمز و موتیڤە ئەفسانییەکانی بە پێشینەیەکی فیکری و پلان داڕێژراو لە ناو ڕۆمانەکەدا مەزراندووە هەر بۆیە ئەم بابەتەمان بە گونجاو زانی بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکەین و ئەو ڕەمز و هزرە ئەفسانەیانە شی بکەینەوە و دەریان بخەین.

**میتۆد:** ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی میتۆدی وەسفی_ شیکاری کردووە، کە لەسەر بنەمای دەقەکە کار دەکات و شیدەکاتەوە، بۆ بەڵگەهێنانەوە دەقەکە دەکاتە بنەما، لەبەشی یەکەمدا میتۆدی وەسفیمان گرتۆتەبەر بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئەکادیمانە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەمان بخەینەڕوو، لەبەشی دووەمدا بۆ مەبەستی دیاریکردن و دەرخستنی ڕەهەندە ئەفسانەییەکان لە ڕۆمانی (بەڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانی، میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە.

**سنوری ئەم توێژینەوەیە** لە چوارچێوەی ڕۆمانی (بەڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانی ئەنجامدراوە.

**گرینگی توێژینەوەکە:** لەڕوانگەی ئەفسانەییەوە ڕۆمانێکە کە بەهزرو زمانی ئەفسانەیی داڕێژراوە و ئەفسانە بنچینەی ڕووداوەکان پێکدێنێ. هەروەها ویستوومانە شکارێکی ئەفسانەییانە بۆ ئەم ڕۆمانە نوێیە بکەین بۆ دەرخستنی چەندین ئەفسانەی یۆنانی، کە لە ڕۆمانە کە بەشێوازێکی تر لەلایەن نووسەرەوە بەکارهاتوون.
لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێك خراوەنەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# چەمک و زاراوەی ئەفسانە

ئەفسانە لە لێکۆڵینەوەکانی جیهاندا زۆر باسی لێکراوە و گرنگیەکی زۆری پێ دراوە. زۆرێک لە زاناکان و شارەزایان لێکۆڵینەوەی زۆریان لە بارەوە کردووە وهەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەم زاراوەیان داوە لێرەدا ,بەپێویست دەزانرێ هەڵوستەیەك لەسەر چەمك وزاراوەی ئەفسانە بکەین و ئاورێك لە فەرهەنگە کوردییەکان بدەینەوە.

لە فەرهەنگی "کاوە " دا بەم شێوەیە لە ئەفسانەوە دواوە: "1-سخن پریشان: قسەی بێ سەرو بەرە،2-قصە:ئەفسانە،بەسەرهات، چرچرۆک، چیچرۆنک، چێچەرۆک، چیرۆک، چیرۆنک، چێرووک، چیڤانۆک، حەقایەت، حەکایەت، خەبرۆشک، داستان، دەسان، دەستان، ڕێزک، سەربردە، سەربوورە، سەربهووردە، سەرگووشتە، قەواتی، کەڤنەشۆپ، هەقایەت، هیکایە"(عبدوڵڵا ئیبراهیم، ٥١:٢٠١٢) لەم فەرهەنگەدا کۆمەڵە چەمکێک لەبەرانبەر ئەفسانە دانراوە هەموویان تاڕادەیەک لە یەکەوە نزیکن و هەمان واتا دەبەخشن، ئەفسانەی بە قسەی بێ سەروبەر و چیرۆک و حەکایەت و بەسەرهات و سەربووردە و داستان لێکداوەتەوە. لە فەرهەنگی "ناهید-" دا لە بارەی ئەفسانە دەڵێت: " حەکایەت، سەرگوزەشتە دەستکردی خەیاڵی و دوور لە ڕاستی، چیرۆکی خەیاڵی" واتە ئەفسانە شتێک بێت کە خۆی لەڕاستیدا نەبووبێت و بەڵکوو دروستکراو و خەیاڵ بێت واتە شتک بێت بە خەیاڵ دروست بکرێت. (محەمەد ناهید، ٩٦:٢011) فەرهەنگی "خاڵ" دا بەم شێوەیە لە ئەفسانە دواوە: " بەسەرهات و سەرگوزشتەی پووچ" واتە ئەفسانە شتی هیچ و پووچ و بەسەرهات و قسەو سەرگوزشتەی بێ سەرو بەرن. (شێخ محەمەدی خاڵ،٢٠٠٥:١٥). واتە هەریەک لەم فەرهەنگانە کۆمەڵەک چەمکیان لەبەرانبەر ئەفسانە داناوە واتاکانیان بە بەسەرهات و سەرگوزشتە و حیکایەت و چیرۆک و داستان و قسەی بێ سەرو بەرە و پوچ و خەیاڵی دروستکراو لێکدانەوەیان بۆ

کردووە و کەواتە بەپێی فەرهەنگەکان ئەفسانە شتێکە دوورە لەڕاستی و بارگاوی کراوە بە خەیاڵی پوچ و قسەی بێ سەروبەر.

لە زمانەکاندا زاراوەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی ئەفسانە دانراون،لە زمانی کوردیدا بۆزاراوەی (***Myth***) و( ***Legend*** ) وشەی ئەفسانە بەکاربراوە. لە فەرهەنگی زاراوەی ئە دەبیدا لە بەرامبەر وشەی ( ***Legend*:** ئەفسانە) (بەختیار سەجادی،2002: 22) دانراوە و لە بەرامبەر وشەی( ***Myth***: ئوستوورە ) (بەختیاری سەجادی، 2002: 21) دانراوە. کە لە بنچینەدا بەکارهێنانی هە ردوو زاراوەکە واتا ئەفسانە و ئووستوورە لە زمانی کوردیدا بۆ چەمکی ئەفسانە باوە، بەڵام زاراوەی ئەفسانە بەهۆی ئەوەی وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە دەکرێ وەکو زاراوەی باو بۆ ئەم چەمکە بەکاربرێ.

## پێناسەی ئەفسانە

لە گەڕان بەدوای پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئەفسانە ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لەپێناسە دەبینەوە، کۆمەڵێک پێناسە لە چەندین تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازەوە لە لایەن پسپۆڕو زانا و توێژەران لە لێکۆڵینەوە جیاوازەکاندا لەمەڕ ئەفسانە خراونەتە ڕوو، کارێکی زەحمەتە دەست نیشانی پێناسەیەکی گونجاو بکەیت بۆ ئەفسانە یاخود کۆکردنەوەی ئەو هەموو پێناسانە لە ژێر یەک ناونیشاندا، کە هەموو سیما و خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی ئەفسانە لەخۆ بگرێت و پربە پێستی خۆی گونجاو بێت ، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئەفسانە بخەینە ڕوو.

**"**د.مەولود ئیبراهیم حەسەن**"** لەبارەی پێناسەی ئەفسانە دەڵێت: **"** ئەفسانە ئینسیکلۆپیدیایەکی کۆن و دەوڵەمەند و پڕنهێنیی هەموو مرۆڤایەتییە هەموو هۆزو نەتەوە و ئاینێکی کۆن و تازە و هاوبەشن لە دروستکردنی و دەوڵەمەند کردنیدا.**"** (٢٠٠٢:٣٣) لە ناو هەر نەتەوەیەک و کۆمەڵگایەک ئەفسانە وەک ناسنامەیەک بۆ پاراستنی کلتورو نەریتی نێو ئەو

کۆمەڵگایانەیە ئەفسانە بۆتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ دەرخستنی ڕاز و نیازو نهێنی و شتە پەنهانییەکانی مرۆڤایەتی و هەموو نەتەوەکان لە دەوڵەمەند کردنی ئەو سەرمایە مرۆڤایەتیە دا سەرەڕای بوونی جیاوازیان لە هەموو بوارو قۆناغەکانی ژیانیانەوە تێیدا هاوبەشن. هەروەها لەپێناسەیەکی تردا " ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ وخواوەندەکان، مرۆڤ ودیاردەکانی سروشت نیشاندەداو پوختەیەکی مرۆڤەو سەرەتاکان بوونمان بۆدەگێڕێتەو،زۆربەیان وەك حیکایەتێکی پیرۆز،کردەوەی خواوەندەکان دەگێڕنەوە"(د.نەجم ئەڵوەنی،2007: 8)واتەپاڵەوانی نێو چیرۆکە ئەفسانەییەکان خواوەندەکانن یاخود نیمچەخواوەندن،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەدرێژایی میژووی مرۆڤەکان لەپەیوەندیدابووەنە لەگەڵ خواوەندەکان بەتایبەت مرۆڤە کۆنەکان کە باوەڕێکی بەهێزیان بە خواوەندەکان وشتە پیرۆزەکان هەبوە. یاخود لە پێناسەیەکی تردالەبارەی ئەفسا"'نەبیلة ابراهیم"دەڵێت: " ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکا کە لەسەردەمێکی زۆر کۆن ڕوویان داوە ئەو دیاردە کەونی یە و لە توانا بەدەرانە شیدەکاتەوە وهۆی پەیدابوونی ڕوون دەکاتەوە."(1986: 11) باس لەکۆمەڵە ڕووداو و چیرۆکە کۆنەکانی مرۆڤە زۆر سەرەتاییەکان دەکا و شی کردنەوە شتە پەنهانیەکانیان و ڕازو نیازەکانیان دەکات. یاخود "ئەفسانە هەقایەتێکی تەقلیدییە، ڕووداوگەلی لە ڕادەبەدەر دەگێڕێتەوە."(برناردکلاقیل،2013: 5)واتەحیکایە تێکە کۆمەڵەڕووداوێکی زۆری سەردەمانی زۆرکۆنمان بۆدەگێڕێتەوە.

"د. مێهرداد بەهار" یەکێکە لە ئەفسانە ناسە دیارەکان پێوایە: " ئەفسانە لە چوار بەش پێکهاتووە: بیروباوەڕ، ڕیورەسم، شوێنی پیرۆز و پەیڕەوان. ئەفسانە زاراوەیەکی گشتییە و لە خۆگری بیرو باوەڕە پیرۆزەکانی مرۆڤە لە قۆناغە

تایبەتەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی کە لەسەردەمی کۆمەڵگە هەرە دێرینەکان دروستدەبێت و وەکو بیروباوەڕی پیرۆزی هەموانی لێدێت." واتە چوار شت هەنە پێکهاتەی ئەفسانە دادەمەزرێنن ئەوانیش( بیروباوەڕ، ڕێورەسم، شوێنی پیرۆز و پەیرەوان) بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەفسانە لەسەر ئەو بیروباوەڕە پیرۆزانەی مرۆڤ دامەزراوە بۆ بەرزراگرتنیشیان ڕێورەسمی پیرۆزی لەشوێنی پیرۆز بۆ بەڕیوە دەبات. (فەرهادعەزیز،2013: 7) هەروەها "ئەلەکساندەرکراپ" یش تێڕوانینی بۆ ئەفسانە ئەمەیە" ئەفسانە، گێرانەوە یان چیرۆکێکە کە خواوەندەکان تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن" واتە پاڵەوانی ناو چیرۆکە ئەفسانەیەکان دەبێت کەسانی پیرۆز بن خواوەندەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە ناو چیرۆکە ئەفسانەیەکان دا. (فەرهادعەزیز،٢٠١٣:٦) لێکۆڵەری ئیتالی "جیامبا فیکۆ" لەڕوانگەی زمانێکی شیعریەوە پێناسە بۆ ئەفسانە دەکات دەڵێت:" ئەفسانە جۆرە زمانێکی شیعرییە، تاکە زمانێکە کە مرۆڤ دەستی بەسەریدا دەشکێت لە هەنگاوەکانی پێشکەوتن و سەرهەڵدانی سەرەتایی خۆیدا، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەو هەمووەش زمانێکی روان هەیە، کە ڕێزمانێکی بنەمایی و مەنتیقی خۆی هەیە." واتە ئەفسانە زمانێکی شیعری هەیە، زمانی شیعر تاکە زمانە کە مرۆڤی دەسەڵاتی بەسەردا هەیە بۆ دروست کردنی خەیاڵ و لەگەڵ ئەوەش شێوازێکی ئاسانی هەیە و هەمووان دەتوانن لێی تێبگەن و بنەمایەکی ڕێزمانی تایبەتی خۆی هەیە. (پەریشان خالد، ٢٠١٤:٨٠)

بەگشتی ژمارەیەکی زۆر پێناسە بۆ ئەفسانە کراون لە چەندین تێراونین و بۆچوونی جیاوازەوە، کە هەر یەکە لەو پێناسانە بەشێک لە خەسڵەت و سیماکانی ئەفسانەیان لە خۆ گرتووە، هەر لەبەرئەمەشە ناتوانین دەست نیشانی پێناسەیەکی یەکلایی کەرەوە بکەین ، چونکە هەریەکە لەو پێناسانە

تەنها بەشێک لەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی ئەفسانەیان خستۆتەڕوو نەوەک هەمووی.

## جۆرەکانی ئەفسانە:

لەبارەی جۆرەکانی ئەفسانەوە چەندین پۆلین و دابەشکردن لەلایەن توێژەرو زانایان کراوە، لێرەدا ئێمە دوو جۆری دابەشکردن دەخینە ڕوو. یەکێک لەوانە دابەشکردنەکەی " د. مەولود ئیبراهیم" ە کە لە کتێبی " گەڕان بەدوای نەمریدا" بە لێکوڵینەوەو ورد بوونەوە لە دەقە ئەفسانەیە کوردیەکان ئەم پۆلێنەی خوارەوەی بۆ کردووە :

"1_ئەفسانەی خواوەندەکان "اسطورە"

٢- ئەفسانەی پاڵەوانییەتی

٣- ئەفسانەی دڵداری

٤- ئەفسانەی ژنخواستن

٥- ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمرییدا

٦- ئەفسانەی گەڕان بەدوای بەخت" (د. مەولود ئیبراهیم، ٢٠٠٢:٢٦)

ئەم دابەشکردنە لەلایەن "د. مەولود ئیبراهیم" کراوە بە گەڕان و پشکنینی بەناو دەقە ئەفسانەییە کوردیەکاندا وا دەردەکەوێت لە ناو ئەو دەقانەی لێکۆڵێنەوەی لێکردوون ئەم جۆرانەی ئەفسانەی بەدی کردوون. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەم پۆلێن کردنەیدا هیچ شوێنکی دیاری نەکردووە بۆ ئەفسانە کانی جیهانی دوای مەرگ و زیندبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم جۆرەی ئەفسانانە لە ناو دەقی ئەفسانەیی کوردیدا ڕەنگدانەوەی نەبێت، بەپێچەوانەوە بە لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەفسانەییەکاندا ئەم جۆرانەش بەرچاو دەکەون بەشێکی گرنگ لە ئەفسانەی کوردیان پێك هێناوە.

له چەندین سەرچاوە و لێکۆڵیینەوەی تر دا چەند دابەشکردنێکی تر بۆ ئەفسانە کراون بۆنمونە وەک ئەو دابەشکردنەی " میرچا ئەلیادە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا بۆی دەرکەوتووە ئەفسانە لەم جۆرانەی خوارەوە پێکهاتووە یەکەم: ئەفسانەی بنەچە و ئەفراندنی گەردوون. دووەم: ئەفسانەی نوێکردنەوەی جیهان. سێیەم: ئەفسانەی دوماهی. چوارەم: ئەفسانەی یادەوەری." (فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣: ٨)

چەندین دابەشکردن و پۆلێنیتریش کراون بەهۆی زۆری فراوانی ئەو دابەشکردنانەوە وا دەکات خوێنەر تووشی سەرلێشێوان ببێت، هەر بۆیە پێشنیازی جۆرە دابەشکردنێکرتر کراوە بە جۆرێک هەماهەنگیان لە نێواندا هەبێت ئەویش:

"یەکەم: ئەفسانەی ئاسمانی واتا جیهانی پێش بوونی مرۆڤ

دووەم: ئەفسانەی زەمینی واتا جیهان لەکاتی بوون

سێیەم: ئەفسانەی بن دنیا واتا جیهانی دوای بوونی مرۆڤ" (فەرهادعەزیز، ٢٠١٣:٩)

ئەم دابەشکردنەی سەرەوە ئەو پۆلێنانەی پێشووتر خستنمانە ڕوو بەشێکیان جێگەی خۆیان لەم دابەشکردانەدا کردۆتەوە بۆنمونە" ئەفسانەی ئەفراندن و ئەفسانەی خواوەندەکان لە جۆری یەکەمدا جێ دەگرنەوە. ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمری و بەخت،... هتد لە جۆری دووەمدا جێگە خۆش دەکەن." (فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣:٩) ئەگەر کەمێک سەرنج لەو لێکۆڵینەوانە بدەین، کە هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ کراون ئەوا زۆر جۆرتری ئەفسانە دەست نیشان کراون لە لایەن لێکۆڵەرو زانایان و هەریەکەیان بە جیاواز و بەشێوازی خۆیان باسیان لێکردووە، ئێمە لێرەدا ناتوانین بە چەند پەڕەیەکی کەم ئەو هەموو جۆرانە بخەینە ڕوو.

## بەشی دووەم

## پەیوەندی نێوان ئەفسانە و ئەدەب

پەیوەندی نێوان ئەفسانە و ئەدەب پەیوەندییێکی تازە نییە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە تا کوو ئێستا ئەفسانە سەرو کاری لەگەڵ ئەدەب هەبووە، بە ئاوڕدانەوە لە ئەدەبی کۆن دەتوانین ئەو ڕاستیە بسەلمێنین کە ئەفسانە و ئەدەب پەیوەندییێکی قوڵ لەنێوانیاندا هەبووە. **"** ڤیکتۆر شکلۆفسکی نەک هەر ئەفسانە بە شیعر دەزانێ، بەڵکو لای وایە کە ئەفسانە شێوەی یەکەمی شعرە. **" (**د. مەولود ئیبراهیم، ٣٢:٢٠٠٢**)** بە وردبوونەوە لەو تێڕوانینە بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەفسانە هەر لە کۆنەوە لەگەڵ ئەدەب پەیوەندی دروست کردووە ئەگەر سەرنج لە ئەدەبی کۆن بدەین بەپێی چەندین بۆچوون و تێڕوانین باس لەوە کراوە کە سەرەتای ئەدەب بەشیعر بووە. هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤە کۆنەکان لە کاتی ڕوودانی دیاردە سرووشتییەکان و کارەساتەکان بۆ خستنەڕووی ئەو نهێنی و ڕاستیانە پەنایان بۆ ئەفسانە بردووە و بەشێوازێکی شیعری ئەو ئەفسانانەیان گێڕاوەتەوە کەواتە لەوێوە ئەفسانە پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبدا دروست کردووە. لەئێستادا ئەفسانە پەیوەندی لەگەڵ ئەدەب قوڵترکردۆتەوە خۆی خزاندۆتە ناو زۆربەی ژانرە ئەدەبیەکانی وەک چیرۆک و ڕۆمان... هتد. هەر وەکو "د. فاطمة الزهراء" دەڵێ: **"** ئەفسانە بنچینەیەکی گرنگی پێکهاتەی هەموو دەقەکانی ئەدەبی ڕەمزییە، بەتایبەت کورتە چیرۆک. **"** (پەریشان خالد، ٩٦:٢٠١٤) واتە زۆربەی دەقە ئەدەبیەکان پێکهاتە و بنیاتی دروست بوونیان دەچێتەوە سەر ئەفسانە بەتایبەت ئەو دەقانەی ڕەمزین. **"** لیڤی شتراوس**"**یش دەڵێ**:"** ڕۆمان لە هەڵوەشاندنەوە و درێژبوونەوەی ئەفسانەدا هاتووە. **" (**پەریشان خالد،٩٦:٢٠١٤**)** بە سەرنج دان لەو بۆچوونە بۆمان ڕووندەبێتەوە ڕۆمانیش پەیوەندی بەئەفسانەوە هەبووە و ئەکرێ بەشێک لە

ئەفسانەکان خۆیان لە قاڵبی ڕۆماندا دەرخست بێت. هەروەها لەبارەی ئەفسانە و ئەدەب "

عزیز السید جاسم" دەڵێت:"بەکارهێنانی ئەفسانە لە تێکستە ئەدەبیەکاندا شتێکی زۆر سروشتییە و مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی فەرزی دەکات" (پەرێشان خالد،٢٠١٤:٩٦)واتە هەر لە زووەوە بەکارهێنانی ئەفسانە لە ناو تێکستە ئەدەبییەکاندا ئاسایی و سروشتی بووە، بەڵام واباشترە دەقی ئەفسانەکە وەکوو خۆی وەر نەگریتوو بەڵکو نووسەری بلیمەت ئەوەیە بتوانێت بەشێکی ڕەگەزی ئەفسانە وەرگرێت و داهێنانی تێدابکات بە بەکارهێنانی لە هەر تێکستێکی ئەدەبیدا و دووربێت لە لاسایکردنەوە. "فرای" یش "ئەفسانە و ئەدەب بە یەکسان دادەنێت و پێی وایە بنەچەی بونیاد و ڕێکخەری فۆرمی ئەدەبییە و لە بنچینەدا کەرەستەی ئەزمونی ئەدەبی تاکێکە" (فەرهاد عزیز، ٢٠١٦:١٣) فرای ئەفسانە و ئەدەبی بە هاوتەریب داناوە واتا بە یەکسان لەبەرامبەر یەکی داناون فۆرمی ئەدەبی و بونیادی ڕێک دەخات. وەک بینیمان پەیوەندی ئەفسانە و ئەدەب بەشێوەیەک بەهێز و پتەو بە ناو یەکدا چووە. لەئێستادا ئەو پەیوەندیە بەهۆی ئەوەی خۆی هێناوەتە ناو بەشێکی زۆر لە تێکستە ئەدەبیەکان فراوان و قوڵتربۆتەوە.

## مەزراندنی ئەفسانە لەناو دەقی ئەدەبیدا

پرسی ئەفسانە لە ناو دەقی ئەدەبیدا بابەتێکی هەنوکەیی نییە، بەو مانایەی زۆر لە کۆنەوە نووسەران و شاعیران و ڕۆمانووسانی بەرهەمهێنی دەق، هەوڵی خۆیانداوە بۆ بەکارهێنانی ئەفسانە و ئاوێتەکردنی ئەو پرسە لە نێو تێکستە ئەدەبیەکانیاندا بەم هۆیەشەوە یەکێک لە جۆرەکانی ڕەخنە تایبەت کراوە

بە ئەفسانەناسی و بە (ڕەخنەی ئەفسانەیی) ناو دەبرێت. ئەمەش زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەو دەقە ئەدەبیانەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان توخمی ئەفسانەیان  لە خۆ گرتووە. هەر دەقێکی ئەدەبی خاوەن بونیاتێکی تایبەت بە خۆیەتی، واتا هەر دەقێکی ئەدەبی خۆی لەسەر کۆمەڵێک بنەما دامەزراندووە تاوەکو لە ئاستی فۆرم و ناوەڕۆکدا دەقێکی تۆکمە و یەکگرتوو بێت، هەر دەقێک خۆی لەسەر ئەو بونیات و بنەمایانە مەزراند بێت ئەوادەقێکی زیندوو دەبێت و بەنێو زەمەندا تێدەپەڕێت، ئەگەر نا بەپێچەوانەوە زیندوو نابێت و بە زووی مەرگی خۆی ڕادەگەیەنێت. لێرەوە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین لە ڕوانگەی سایکۆبلۆژییەوە "لە پشتی نا ئەقڵانی و نالۆژیکی ئەفسانەدا، لۆجیکێکی دیاریکراو شاردراوەتەوە، کە بریتییە لە لۆجیکی پاڵنەرە غەریزییە قووڵەکانی تاك، بۆنمونە فرۆید لە چیرۆکی ئۆدیب پاشادا گرێیەکی دەروونی دەدۆزیتەوە و ناوی دەنێت گرێی ئۆدیب، کە دەقێکی گوزارشت لە ئارەزووی کوڕ بۆ باوک و جووتبوون لەگەڵ دایکدا دەکات" (نەوزادئەحمەد،2015: 46_47)ئەمەش واتای ئەوەیە، کەوا ئەفسانە لە نائاگایی مرۆڤەکاندا چەقی بەستووە، ئەو نائاگاییە تاکییەتیە کە هیچ کەسێک لێی بەدەر نییە، بۆیە لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە، داهێنانی دەقی ئەدەبی لەلایەن نوسەران و شاعیران و ڕوومانووسانەوە، هەمیشە لە نێو ئەو نائاگاییەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرئەو نائاگایەی نووسەریش لەڕێی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی زمانەوە، دەگوێزرێتەوە بۆ نێو ئاگاییەکی تر ئەویش ئاگایی دەقە، لێرەوە یەکێك لەو بنەمایانەی وایکردووە دەقی ئەدەبی ببێتە دەقێکی ڕەسەن و زیندوو،مەزراندنی ئەفسانەیە لە نێو دەقدا، بەو واتایەی کە ئەفسانە کۆمەڵێك بیری بنچینەین و لە ئاگایی مرۆڤەکاندا جێگەیان بۆ خۆیان گرتووە. کەسایەتی مرۆڤی نووسەریش لە بەر ئەوەی خاوەن ئاگایەکی گەورە و ڕۆشنبیریەکی فراوانترە بۆیە هەمیشە لەکاتی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی داهێنەرانەدا، ئەو بنچینە ئەفسانەییانە لەگەڵ بیر و بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی ئاوێتە بەیەکتر دەکات و بەدەقی نووسراو پێشەکەش بە خوێنەر و وەگری دەکات. هەڵبەتە هەر

نووسەرێکیش خاوەن ئەزموونی ژیانی تایبەت بەخۆیەتی، واتا مرۆڤی نووسەرو داهێنەری ئەدەبی، تواناى ئەوەی هەیە لەڕێگەی ئەو تێکستەی کە بەرهەمی دەهێنێت کۆمەڵێک ڕەگەزی ئەفسانەیی تێکەڵ بکات.بەشێوازێکی تایبەتی خۆی، چونکە دواجار شێواز دەربڕی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیە، کە نووسەر پێ دەناسرێتەوە، هەروەک **"**بۆفۆن**"** دەڵێ: **"**شێواز خودی نووسەر خۆیەتی**"** (نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١٥: ٣١)واتا ئەو لایەنە ئەفسانەییەی کە نووسەرێک یان شاعیرێک یان ڕۆمانووسێک لە دەقەکەی خۆیدا دەیخاتە ڕوو، جیای دەکاتەوە لەوەی کە لە دەقی نووسەر و شاعیرێک یان ڕۆمانووسێکی تردا بەرچاو دەکەوێت، چونکە هەریەک لەمانە شێوازیان جیاوازە، بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونیتان دەڵێن: مامەڵەکردنی شاعیرێکی وەك(شێرکۆ بێکەس) لەگەڵ ئەفسانەی (کاوەی ئاسینگەر) دا، **"** کە داستانێکی هۆنراوەیی سەر شانۆیە و لە نۆ پەردەدا لەساڵی١٩٧١**"** ( دیوانی شێرکۆ بێکەس، ١٩٧١- ١٩٩٢: ٧٣)نووسیویەتی، زۆر جیاوازە لەو مامەڵەیەی کە (لەتیف هەڵمەت) لەگەڵ هەمان ئەم ئەفسانە کردوویەتی لە شیعرەکانیدا، بە هەمان شێوە ئەگەر دوو ڕوومانووسیش هەمان ئەفسانە لە قالبی ڕۆمان بدەن جیاوازدەبێت، ئەمەش بۆ شێوازی دەربڕین و گوزاشتکردنی هەریەک لەمانە دەگەڕێتەوە و تەواو لەیەکتر جیاوازە، یەکەمین ڕووی جیاوازیی لە شێوازی خستنە ڕووی ئەفسانەشدا لە نێو دەقی ئەدەبیدا بۆ جیاوازیی بەکارهێنانی زمان دەگەڕێتەوە لەلایەن هەر نووسەرێک، هەروەک **"**ئەرستۆ تاڵیس زمان دەکات بەبنەمای شێوازو شێوازی تایبەتی لای نووسەر دەسازێنێت.**"** (هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨: ١٦٠) واتا بەکارهێنانی ئەفسانە و مەزراندنی لە نێو دەقی ئەدەبیدا لە ڕێگەی کەناڵی زمانەوە دەبێت، ئەمەش لەنێو شێوازدا ڕەنگ دەداتەوە، بەمەش دەتوانین ئەوە بڵێین، کە ئەفسانە لەنێو زماندا خۆی مانیفێست دەکات و دەبێتە ماکی دەقی ئەدەبی. واتە خۆ نمایندەکردنی ئەفسانە لەڕێگەی زمانەوە هەمیشە بەکراوەیی و فرە ڕەهەندیی و فرە دەلالەت دەمێنێتەوە، کە لە دواجاردا دەتوانرێت وەك میتافۆر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە

جۆرێك لە جۆرەكان واقیحییەتی دەق بەرەو شڵەقاندن بەرێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە " ئەو دەق تا چەند توانیویەتی شتە نەبینراوەکان بکاتە بینراو، ئەم ڕازە ڕازی دەقێتی دەقە لای کریستیڤا، ئەم دیدە لەناوەوەی دەقەکاندا بەشوێن دەقدا دەگەڕێت و سنووری دەق زۆر فراوانتر دەکات، چونکە ئەگەر لە ڕوانگەی کریستیڤاوە سەیری دەق بکەین، ئەوا هەر نووسین ناگریتەوە، بەڵکو ئەو گوتنانەیش دەگرێتەوە، کە خۆیان بەشتە نەبینراو و نەبیستراوەکان بارکردووە. " (پێشڕەو عەبدوڵا،201: 160) واتا یەکێک لە دیاردەکانی مەزراندنی ئەفسانە لەنێو دەقی ئەدەبیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوداستانە فۆلکلۆریانە، واتە بەکارهێنانی ئەو شێوە زمانەی دەقە فۆلکلۆریی و ئەفسانەییانەدا، کە دواجار لە دەقی داهێنەرانەی شاعیران و نووسەران و ڕۆمانووسانی سەردەم دا ڕەنگ دەداتەوە. بەمەش پرسێک دێتە ئاراوە ئەویش پرسی دەقیەتی دەقە، کە تا چەندە ئەو دەقە لە ئاستی بەدەقبوونی توانیویەتی  خۆی بسەلمێنێت و بێچێتە نێو مەسەلەی کرۆکی نواندنی ئەفسانەییەوە، مەبەستمان لەو نواندنەی ئەفسانەش ئەوەیە، کە هەموو دەقێکی ئەدەبی لەسەری دامەزراوە، واتا ئەوەی کە دەق خۆی پێ باردەکات لە ئاستی بونیادی شاراوەدا بریتییە لەو بیرە  ئەفسانەیەی قوڵایی تێفکرینی بەرهەمهێنی دەقدا ئۆقرەیان گرتووە و لەکاتی پرۆسەی نووسیندا سەر دەردەکەن، ئەوەش ڕوونە ئەفسانە خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکی خەیاڵیە و بەرهەمی خەیاڵی سەرەتایی مرۆڤە، هەروەک  ئەفسانەناسی ڕۆژئاوا "جۆزێف کمبل" دەڵێت: " ئەفسانە ناسی ئەوەی کە لەپشت ئەدەبیات و هونەرەوەیە ئاشکرا دەکات و لەگەڵ ئێوەدا و لە ژیانی خۆتاندا قسە دەکات، باسێکی بە جۆش و خرۆش و پڕ بەهێزکەرو سوودبەخشی ژیانە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ قۆناغەکانی ژیاندا هەیە."(لیڤی شتراوس، ١٩٨٦: ٥٩) لە ئەدەبیاتی ئەفسانەگەلی وەك(ئەفسانە ئۆدیب و ئەلیکترا، ئەفسانەی عەشتار، ئەفسانەی هیلین تیروا، ئەفسانەی میلۆن،ئەفسانەی نارسیس و... هتد) زۆرێکی تر لە ئەفسانە گریکی و لاتینییەکانی دیکە لەنێو دەقی ئەدەبی کوردیدا بەر چاو

دەکەون،" نۆرترب فرای" ئەفسانەناسی کەنەدی لە کتێبەکەی خۆیدا 'قاڵبی کەلێنی ڕەخنە' بەوپێیەی ئەفسانە و ئەدەبی یەکسان کردووە لەم بارەیەوە دەڵێت: 'لەڕاستیدا ئەدەبیات هەمان کار دەکات، کە پێشتر ئەفسانەکان ئەنجامیان داوە، ئەو بەرهەمانەی کە شێوەی غورێلا و سایەیەکی گەورە و دیاری لە بەرهەمەکانیاندا هەیە و لەگەڵ وەرزەکاندا دەگونجێت، لەو ڕووەشەوە بەرهەمی کۆمیدی لەگەڵ ئەفسانەی بەهار، ڕۆمانس لەگەڵ ئەفسانەی هاوین، تراژیدیا لەگەڵ ئەفسانەی پایز، ئەفسووس لەگەڵ ئەفسانەی زستاندا. ' (لیڤی شتراوس، ١٩٨٦: ٦٧) واتە لەڕوانگەی (فرای) یەوە، ئەفسانەکان لەگەڵ ژانرە ئەدەبییە جیاجیاکان ئاوێتەی یەکترن. ئەدەبیات وەك هەر بەرهەمێکی هونەری دووبارەبوونەوەی ئەسڵی، یان ڕوودانی سەرلەنوێ، لەگەڵ سروشتدا لێکچوون و هاوشێوەیی لەنێوانیاندا هەیە. لەم گۆشەنیگایەشەوە گەڕانەوە بۆ ئەفسانەکانی کۆنی مرۆڤ، مەرجێکی پێویستە بۆ دامەزراندنی دەقی ئەدەبی تۆکمە و زیندوو، دەقێک کە لە ئاسۆکانی چاوەڕوانی خوێنەر دابێت و بتوانێت  گفتوگۆ لەگەڵ بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانیاندا بسازێنێت.  ئەوەی ماوەتەوە لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا بیڵێین، کەواتە ئەفسانە'قسە لەگەڵ جیهانێکی هاوشان لەگەڵ ئەم جیهانەماندا دەکات و بەجۆرێک لە جۆرەکان وزەبەخشی بوونمانە، پڕوابوون بەم ڕاستییە نەبینراو و بەهێزە، کە هەندێک جار پێی دەوترێت جیهانی خواوەندەکان، لەبنەڕەتدا بیرۆکەی ئەفسانەیە.' (کارین ار مسترونغ، ٢٠٠٨: ٨٧)

## ڕەهەندیی ئەفسانەیی لەڕۆمانی (بە ڕێگاوە)ی دڵشاد کاوانی دا:

مەزراندنی ئەفسانە لەناو دەقە کوردییەکاندا لەلایەن زۆربەی نووسەران و وەرگرتنی بەشێک لە ڕەگەزی ئەفسانە و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ دەقەکاندا زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت بەتایبەت لە ڕۆماندا و گەڕانەوەی

ڕۆمانووسان بۆ سەر ئەفسانە بەناوبانگە یۆنانییەکان، وەرگرتنی بەشێکی ئەو ئەفسانانە و مەزراندنەوەیان لەناو تێکستە ئەدەبییە کوردییەکان. لە ئەمڕۆدا بەشێوازێکی هونەریانە لەلایەن نووسەران و بەشێوازی تایبەتی خۆیان پشتی پێ دەبەسترێت، (دڵشاد کاوانی) لە ڕۆمانی (بەڕێگاوە) هەندێک لە ئەفسانە یۆنانییە بەناوبەنگەکانی لە ڕۆمانەکەیدا مەزراندۆتەوە و بەشێکی ڕەگەزی ئەو ئەفسانانەی وەرگرتوون و کۆمەڵێک ڕووداو و هەندێک لە کاراکتەرە سەرەکیەکانی نێو ڕۆمانەکەی لەسەر بنیات ناوە.

یەکێک لەو ئەفسانە یۆنانیانەی وەریگرتووە ئەفسانەی (نارسیس)ە ناوی کوڕێکی جوانی یۆنانییە لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی یۆنانی کۆنەوە هاتووە عەشقی جوانی خۆی بووە، جوانی ئەم کورە بەجۆرێک بووە کە سەرنجی کچان و کوڕانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و سەرسام بوونە پێی، بەڵام ئەو هێندە لەخۆبایی بووە بەهیچ کەسێک ڕازی نەبووە، ڕۆژێک لای کانیاوێک دادەنیشێت و ڕووخساری خۆی دەبینێت لە ئاوەکەدا زۆر سەرسامی خۆی دەبێت عاشقی جوانی خۆی دەبێت و لەحەسرەتی بەیەکنەگەیشتنی خۆی هەر لەوێدا وشک دەبێتەوە و لەشوێنیشدا گوڵێک بە ڕەنگی زەعفەران و تەنراو بە پەڕەی گوڵی سپی دەڕوێت ناونراوە. (نەرگیس)

لەم پەڕەگرافەی خوارەدا ئەوە دەبینین، کەسایەتیێکی تری لەسەر ئەفسانەی نارسیس مەزراندۆتەوە و کردوویەتی بە کاراکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەی و بەشێکی گرینگی ڕووداوەکان پێک دێنێت، هەوڵیداوە کەسایەتی نارسیس لە ئەفسانە ڕاستەقینەکە نزیک بکاتەوە.

**" منم نارسیس...**

**من دوای تەواوکردنی ئەو ڕۆمانە دەستبەجێ، بێ گرخاندن خۆم دەکوژم، هەرچەندەتائێستا ڕوون نییە ئەوکەسانەی لە جوغزی نووسینەوەی ڕۆمانی بەڕێگاوە خۆکوژییان کردووە، ژمارەیان گەیشتۆتە چەند؟ دەشێ تۆش دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە**

**خۆتبکـوژی و دەسـت بخەیـتە بینەقاقـای ڕۆحـی خـۆت و بەدەم مەرگەوەپێبکەنی، نقـورچکەیەك لەگیـانی خـۆت بگـری."** (دڵشـاد کاوانی، ٢٠٢٠: ٦)

هەروەک دەبینین لەسەر ئەفسانە ڕاستەقینەکە کاراکتەرێکی سەرەکی هەر بەهەمان ناو بنیات ناوە تا کۆتایی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە ڕۆڵی لە بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکاندا هەیە ئەگەرچی هەمان ڕووداوی ناو ئەفسانە ڕاستەقینەکەی تێدا بەرجەرستە نەکردووە، بەڵام تاڕادەیەک هەوڵی ئەوەی داوە کەوا کەسایەتییەکەی لە کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەفسانەکە بچێت، بۆنمونە لەم پەرەگرافەدا بەشێوەک باسی لێوەکردووە، کە نارسیس لە ئەفسانەکەیدا بەحەسەرەت بەیەکنەگەیشتنی خۆی دەمرێت، بەڵام ڕۆڵی نارسیس لەم ڕۆمانەدا بەدوای دۆزینەوەی باوکی دا وێڵە و دەیەوێت بزانێت باوکی ڕاستەقینەی ئەو کێیە؟ لەکاتی گەڕانی بەدوای باوکیدا ڕووبەڕووی ڕووداوی زۆر قورس و ناخۆشیش دەبێتەوە هەتا بەرەو مەرگیش ڕاپێچی دەکات، وەلێ ئەم کۆڵنادات و لەگەڵ ئەو ڕووداوانە دەجەنگێت تەنها بۆ ئەوەی بە باوکی ڕاستەقینەی خۆی شاد بێتەوە و بگات پێی وەک چۆن لە ئەفسانە ڕاستەقینەکەدا نارسیس کۆڵنادات لە بەیەکگەیشتنی لەگەڵ خۆیدا دواجار بەرەو نەمان و لەناو چوونی دەبات، ڕۆڵی کاراکتەری نارسیسیش لەم ڕۆمانەدا کۆڵنەدانە لە گەڕان بەدوای باوکیدا بەهەر جۆرێک بێت هەتا ئەگەر ئەمە بەرەو کۆتایی و نەمان و مردنیشی بەرێت.

بەشێکی تری کاراکتەرەکانی نێو ئەو ڕۆمانە هەر لەسەر چەند ئەفسانەیەکی کۆن و بەناوبانگی یۆنانی بنیات نراوە، پەیوەندیش لەنێوان ئەو کاراکتەرانەدا هەیە هەریەکەیان ڕۆڵیان هەیە لە بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و تەنانەت ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن لەگەڵ کەسایەتییەکانیان و هاوشێوەی ئەفسانە ڕاستەقینەکە گونجاوە. یەکێکی تر لەو ئەفسانە بەناوبانگانە لەلایەن نووسەر پشتی پێ بەستراوە ئەفسانەی (گرێی ئۆدیپ)ی یۆنانییە، یەکێک لە کاراکتەرەکانی بەو ناوە لەسەر ئەم ئەفسانەیە بنیات ناوە و چەندین ڕووداو کاری

و گرینگی بەو کاراکتەر ئەنجامداوە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان و پەیوەندیشی لەگەڵ هەندێک لە کاراکتەرەکان بەهێزە بەتایبەت لەگەڵ نارسیس، کە ئەم کاراکتەرەش هەر لەسەر ئەفسانەیەکی تری یۆنانی مەزراندووە، پەیوەندی لەنێوان دوو کاراکتەر بەناوی ئۆدیپ و نارسیس، کە ناوی هەردوو کاراکتەرەکەی لە هەر یەک لە ئەفسانەی نارسیس و ئەفسانەی گرێی ئۆدیپ وەرگیراون و لێهاتوویی نووسەر دەردەخات، سەرەتا وەرگرتنی ئەفسانەی نارسیس و وەک پاڵەوانێکی سەرەکی نێو ڕۆمانەکە و دواتر وەرگرتنی ئەفسانەی گرێی ئۆدیپ بۆ بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان لەگەڵ کاراکتەرەکان.

**"لە دایک بوونی ئۆدیبی مەزن...**

**ئۆدیب بەدروستی نازانێ کوڕی کێیەو دایك و باوکی ڕاستەقینەی ئەو کێن، تەنیا لەمنداڵیەوە لەگەڵ پیاوێك دەژیێ ئەو پیاوە بەشێکی لە ئاوە و بەشەکەی تری لە ئاگر، قاچێکی لەعەرزوقاچێکی لە ئاسمان، ئەو کۆچەرو گەڕۆکە، هەر ڕۆژە و کارێك دەکا، هەرجارە و ناوونیشانێکی هەیە و هەر کەڕەتەی لە شارو هەرێمێکدا دەردەکەوێ."** (دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠: ١٧٠)

گرێی ئۆدیب ئەفسانەیەکی یۆنانییە، کە لەلایەن گەورە نووسەری بەناوبانگ (سۆفۆکلیس) ی یۆنانیەوە بەشێوەیەکی تراژیدی نووسراوە. ئۆدیب لە دایك دەبێت و باوکی فەرمان بۆ کووشتنی دەر دەکات، چونکە لەلایەن کاهینێک بەناوی (لۆکیساس) پێی وتراوە، کە ئەو منداڵە باوکی خۆی دەکوژێت و شاژنە جۆکاستای دایکی مارە دەکاتەوە، هەر بۆیە باوکی ئۆدیب بە شوانێکی متمانە پێکراوی خۆی دەستپێرێت و پێی دەڵێت بیبات لە دەرەوەی شار بیکوژێت، بەڵام کاهین( لۆکیساس) ڕێی لێدەگرێت و منداڵەکە دەبات بۆ پاشا (پۆلیپ) و شاژنە (میرۆپ)، ئۆدیپ گەورە دەبێت و دەگێڕێتەوە بۆ شاری تیبە و باوکی خۆی دەکوژێت و دواتر دایکی خۆ مارە دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەهامەتی بۆ وڵاتەکەی و هەموو ئەمانەش بە پلان لە لایەن کاهین (لۆکیساس) ڕێکخراوە دواتر کاهین

لەلایەن ئۆدیب دەکوژرێت و کۆتایی بەو نەهامەتی و برسیەتیە دێت کە ڕووی لە وەڵاتەکەی کردبوو.

نووسەرئەفسانەی ئۆدیپی لە ڕۆمانەکەیدا مەزراندۆتەوە و بەشێکی ئەفسانەکەی وەرگرتووە و کاراکتەرێکی وەک ئۆدیپی بەشێوازێکی تر پێ دروست کردۆتەوە هەندێک لە سیفەتەکانی ئەفسانەکەی داوەتە پاڵ ئەم کاراکتەرە وەکو ئەوەی لە ئەفسانەکەدا ئۆدیب لە منداڵیەوە لە لای کەسانی تر گەورە دەبێت و ئەوان دایک و باوکی ڕاستەقینەی ئەو نین، سەرنج بدەین لەو پەڕەگرافەی سەرەوە باس لەوە دەکات ئۆدیب هەر لەمنداڵیەوە دیار نیە کە کێیە؟ دایک و باوکی ڕاستەقینەی کێن؟ بۆ نمونە دەڵێت(ئۆدیب هەر لەمداڵیەوە کەس بە دروستی نازانێ کوری کێیەو دایك و باوکی ڕاستەقینەی ئەو کێن، تەنیا لەمنداڵیەوە لەگەڵ پیاوێک دەژیێ ئەو پیاوە بەشێکی لە ئاوە و بەشکەی تری لە ئاگرە... هتد)نووسەر هەوڵی ئەوەی داوە کەسایەتی ئەو کاراکتەر لەڕووی کەسایەتی و ژیانی و گەورە بوونی هاوشانی ئۆدیپی ڕاستەقینەی ئەفسانەکە بکات. یاخود هەروەکوو ئەفسانە ڕاستەقینەکە کەسایەتی ئۆدیبی تیا بەرجەستە کردووە بە جۆرێک، کە ئۆدیب لە ئەفسانە ڕاستەقینەکەیدا دەبێتە پاشا دەسەڵاتێکی زۆری دەبێت بەهەمان شێوە ئۆدیبی ناو ڕۆمانەکەش دەبێت بە سەرکردەی یەکێک لە گروپە چەکداریە بەهێزەکان بەناوی (ئەستێرەی بازنەیی) بەمەش کەسایەتی ئۆدیبی هاوشێوەی ئەوە لێکردووە کە ئۆدیب لە ئەفسانەکە دەبێت بە پاشا و لە ڕۆمانەکەشدا نووسەر ئۆدیب دەکات بە سەرۆکی گروپێکی چەکداری بەهێز کە دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە، بە جۆرێک ئەفسانەیی پاڵەوانیەتی دەداتە پاڵ کەسایەتییەکەی.

**"کەم کەم دەدوێ، زەق زەق سەیر دەکات، خەیاڵی دەڕوا، هیچ پرسیارێکی لێ حاسێ نابێ، هەموو وەڵامێك دەزانێ، هەموو ڕێگاکانی دونیا شارەزایە، تەنانەت ڕێگا تەسك و لاچەپەکانی مەرگیش، ڕێچکۆکە تەسکەکانی گەیشتن بە شەیتانکێویش، هەندێك**

**وایان لەقەڵەم داوە ئەو خەڵکی ئەوێیە و نەسلی خێوو جنۆکەیە."**

(دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ : ١٧١)

لێرەدا نووسەر بەشێوازێکی لێهاتووانە سیفەتی ئەهریمەن یاخود شەیتان داوەتە پاڵ یەکێك لە کاراکتەرەکان، کە لەگەڵ ئۆدیپدا دەژیت بەشێوەیێك وەسفی کەسایەتی ئەم کاراکتەرە دەکات، کە کەسایەتییەکەی لە کەسایەتی ئەفسانە بچێت ئەو جۆرە وەسفە بە شەیتان و خێو و جنۆکە و شارەزابوون لە هەموو شوێنەکان و ڕێگاکان یان گەیشتن بە شەیتانکێویش، ئەوەمان پیشان دەدات نووسەر بۆ بەکارهێنانی ئەفسانە لەڕۆمانەکەیدا تەنها سوود لە ئەفسانەکان نەبینووە، بەڵکو بەسوود بینین لە هەندێ ڕەهەند و سیفەت و خەسەڵەتی ئەفسانە هەوڵیداوە کاراکتەری ئەفسانەی لە ڕۆمانەکەدا بنیات بنێت هەروەکوو ئەم پەڕەگرافەی خوارەوە:

**" دەگێڕنەوە جارێکیان، سێ میرزادەی مەزن، خوشکەکەیان دەبەن لە شەیتانکێو بیکوژن، ئەو ڕوودەبێتە کچەکە و لە بەردەم گوللەی شەستیرێکەوە هەڵیدەگرێ و کچە دەخاتە سەر شانی، شەڕێکی دەستە و یەخە لەگەڵ بەگزادەکان دەکا و بێ ئەوەی سۆتەکی جگەرەی لا لێوی بکەوێ. شەڕێکی بێ وێنە دەکات و کچی پاشا لە دەستی براکانی ڕزگار دەکا و دەیگەیەنێتە شاری فومەن. زۆر جار تێکەڵ بە هەور دەبێ و دەبێتە تۆفان و بەسەر شار و هەرێماندا دەبارێ،"**

(دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠: ١٧٢)

بەشێوەیەکی وەسفی پاڵەوانیەتی ئەم کاراکتەرە دەکات هەندێک سیفەتی داوەتەپاڵ، کە تەنها پاڵەوانە ئەفسانەییەکان ئەو جۆرە سیفەتانەیان هەیە هەر وەك لە پەڕەگرافەکەشدا دیارە و دەبینین دەڵێت کەوا (جگەرەیەکی لەدەم دا بووە هیچ کەسێک نەبینووە بۆ جارێکیش جگەرەکەی بکوژێتەوە بەردوام گیرساوە بووە، تەنانەت جارێکیان لە شەرێکی قورس و دەستە ویەخەدا جگەرەکەی هەرلە دەمدا بووە بەبێ ئەوەی بکەوێت شەڕی کردووە و کچێکی لە دەستی براکانی

ڕزگار کردووە، یاخود تێکەڵ بوون بە هەور دواتر بوون بە تۆفان بارینی بەسەر شارەکان.) ئەمانە جۆرە وەسفێکن کە تەنها پاڵەوانە ئەفسانەییەکاندا بەدی دەکرێن و کردنی ئەم جۆرە کارانە بۆ پاڵەوانە ئەفسانەییەکاندا شتێکی مەحاڵ نییە.

یان هەندێ وەسفی خواوەندەکانی داوەتە پاڵ ئەم کاراکتەرە لێکچواندنی پێکردووە بە خواوەندە ئەفسانەییە کۆنەکانی یۆنانی هەر وەك لەم پەڕەگڕافەی خوارەوەدا دیارە هەندێ سیفەتی خواوەندێکی یۆنانی داوەتە پاڵ.

**"هەندێ جاریش دەبێ بە خواوەندی تور چەکوشێکی بە دەستەوەیە، خۆی و چوارسابرینی سپی، بەسواری گالیسکەیەك لە ئاسمانی بەفراویدا، دەسورێتەوە و ئەستێرەکان دەکەونە دوایەوە. بۆ فریای ڕزگارکردن شاژنی فەخای خواوەندی بەپیت و بەرەکەت دەچێ، کە خواوەندی فەخایای زۆردار دەستگیری کردووە، بەمەش حەوت ساڵان هیچ باران و دڵۆپێک ئاو ناڕژێتە سەر زەوی."** (دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ : ١٧٢_١٧٣)

لێرەدا نووسەر جۆری ئەفسانەی خواوەندەکانی داوەتە پاڵ ئەم کاراکتەرە، کە ئەمەشی هەر لە ئەفسانە وەرگرتووە بەشێکی ڕەگەزی ئەفسانەی خواوەندی یۆنانی (**تور**) ی وەرگرتووە لەگەڵ پاڵەوانێکی ئەفسانەیی تێکەڵی کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر کەسایەتیەکەی بەشێوەی ئەفسانەیی نیشان بدات یان هێزی خواوەندێکی پاڵەوانی داوەتە پاڵ یان وا نیشانی بدات نیمچە خواوەندێکە توانای ئەنجامدانی هەندێک کاری هەیە، کە لە توانای مرۆڤێکی ئاسایدا نەبێت و تەنها پاڵەوانە ئەفسانەیەکان ئەو توانایان هەیە.

**" نا ڕەنگە فاتیۆن بێ، هەرکە زیۆس لێی زویر دەبێ، چون لەسەر پشتی ئەسپەکانەوە بە نزیك زەویدا ڕەت دەبێ و زەویش لەبەر گەرمایی ئەودا گڕ دەگرێ و دەبێتە گڕکان، بۆیەشە زیۆس لێی زویر دەبێ و نەیزەکێکی تێ دەوشێنێ و پەڕو پاڵی دەسووتێنێ، فاتیۆنیش دەکەوێتە سەر گۆی زەوی و بۆ نێو دەریا بەرددبێتەوە، بەم جۆرەش**

**جیهان ژێر ئاو دەکەوێ و لافاوەکەی نوح هەڵدەستێ."** (دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ : ١٧٣**)**

جارێکی تریش بەکارهێناوەی ئەفسانەیەکی تری خواوەندێکی یۆنانی ئەوەمان نیشاندەدات پاڵەوانەیەتی و ئازایەتی و هێزەی ئەم کاراکتەرە لە ڕادەبەر زۆر بووە، ڕەنگە بەشێکی هێزی خواوەندەکان بووبێت یان پاڵەوانێکی نیمچە خواوەند بووبێت، تێکەڵکردنی هەردوو جۆری ئەفسانەی پاڵەوانەیەتی و ئەفسانەی خواوەندەکان لێهاتووی و شارەزای نووسەرمان پیشان دەدات. ئەو توانای هونەریەی نووسینی نووسەر دەردەخات، کە بتوانێت  دوو ئەفسانەی وەک ئەفسانەی پاڵەوانییەتی و هەردوو ئەفسانەی خواوەندی **(تور، زیۆس)** وەرگرتنی بەشێکی ڕەگەزی ئەو ئەفسانانە و تێکەڵکردنیان. توانا و شارەزای لێهاتووی نووسەری بەدەر خستووە.

وەسفکردنی کاراکتەرێک هەر جارەی بە خواوەندێک ئەو توانایەی نووسەرمان پیشان دەدات کەوا چۆن بەشێوەیەکی لێزانانە توانیویەتی ئەو جۆرانەی ئەفسانە تێکەڵ بەیەکتر بکات و دووجۆری ئەفسانەی وەک پاڵەوانیەتی و خواوەندەکان لەیەکاتدا ئاوێتەی یەکتر بکات، چێرۆکێکی تێکەڵە لە هەردووکیان دروست بکات بەشێوازێکی تایبەتی ئەفسانەکانی بەکارهێناوەتەوە هەروەکوو لەسەرەتاوەش ئاماژەمان پێ دا ئەفسانەی نارسیس و گرێی ئۆدیپ بەشێوازێکی تایبەت مەزراندۆتەوە پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو ئەفسانەیە دروستکردووە. لەم پەڕەگرافەی خوارەوەدا ئەو پەیوەندیە بە زەقی دەردەکەوێت:

**"بەپێی زانیارییە تۆمارکراوەکانی نێو دۆسییەکە، بۆم دەرکەوت کە من هەرگیز کوڕی گەردەوان نەبووم، بەڵکو من کوڕی ڕاستەقینەی ئۆدیبم، ئەو باوکە بەدبەختەی کەمن بەدەستی خۆم کوشتم. گەردەوان خاڵم بوو برای ئەبێرزە و ئەبرێزەش دایکم بوو، لەشەڕی نێوان باوکم و عەفلەقدا لەناوچەی سورەش بەبێنازی بە ئازارەوە کوژرا."** (دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ : ٣٧٧**)**

هەر وەکو دەبینین ئەو پەیوەندیەی لەنێوان ئەو دوو ئەفسانەیەی دروستی کردووە ئەوەیە، کە لە ئەفسانەکەی گرێی ئۆدیپدا، ئۆدیپ ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە دەبێتەوە باوکی خۆی بەدەستی خۆی بکوژێت، بەڵام نووسەر لێرەدا نارسیسی کوڕی ئۆدیپی ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە کردۆتەوە و نارسیس بەبێ ئەوەی بزانێت کەوا ئۆدیپ باوکی ڕاستەقینەیەتی دەیکوژێت بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەی باوکی، کە وادەزانێت گەردەوان باوکی ئەو بووە، گەردەوان خاڵی ئەو بووە لەلایەنی ئۆدیپی باوکی نارسیس کوژراوە. ئەوەی لەم پەرەگرافە بە گرنگی دەزانم ئەوەیە، کە نووسەر هەوڵی ئەوەی داوە ئەو ئەفسانە کۆنانە بەکاربهێنێتەوە و بەڵام دەقا و دەق وەکوو خۆی نا بەڵکو بەشێوازێکی تر و لە کات و سەردەمێکی ترئەو چیرۆکانەشی لەسەری مەزراندۆتەوە نزیکی کردونەتەوە لە ئەفسانە ڕاستەقینەکە. هەروەکو ئەو ڕووداوی کوشتنەی ئۆدیپ لەلایەن نارسیسی کوڕی.

بەکارهێنانی جۆرەکانی ئەفسانە لەلایەن نووسەرەوە لەم ڕۆمانە چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە وەک بەکارهێنانی جۆرەکانی ئەفسانەی خواوەندەکان و پاڵەوانیەتی... هتد. یەکێکی تر لەو جۆرانەی ئەفسانە، کە بەکاری هێناوە ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمرییە. هەروەک دەزانین هەموو مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو ئەو هەوڵەیان داوە بۆنمونە لە زۆرێک داستان و ئەفسانەدا پاڵەوانەکان بەدوای نەمریبووندا گەڕاون و هەوڵی زۆریان داوە بۆ مانەوەیان بە نەمری،لەم پەڕەگرافە زۆر بەڕوونی ئەو هەوڵە دەبینین.

**" بێدەنگ بە قسەمەکە، میخۆ لێی دەپرسێ: تۆکێی؟ کچەکەش بەبێ گوێیدا دەچرپێنی:من ناوم مێکاوە، لە ڕۆژی هاتنت بۆ ئێرە، یەکەم کەس من تەرمی تۆم لەخوار کەندەڵانەکەوە بینییەوە. میخۆ واقوڕما و دەبێ، زاری لەیەک دەگێرێ و دەکەوێتە نێو خەیاڵ و فکران، دەکەوێتە عانی مەراق و بیرکردنەوە، دەگرمێنێ: کەواتە من ڕابردووێکی ترم هەیە،**

**دانیشتووی ڕەسەنی هەرێمی نێرگزان نیم! "**(دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ : ٨٩)

لێرەدا ئەوە دەبینین کە یەکێک لە کاراکتەرەکان بەناوی میخۆ لەناوچەیەک بەناوی هەرێمی نێرگزان بە مردووی لەلایەن یەکێکی تر لە کاراکتەرەکان بەناوی مێکاو، کە کچێکی دانیشتووی ئەو هەرێمەیە بە مردووی دۆزراوەتەوە و دوای ئەوەی کچەکە ئەوە دەبینێت بە دانیشتووانی هەرێمەکەی خۆیان دەڵێت کەسێکی بەمردووی لە خوار کەندەڵانەکە دۆزیوەتەوە و پزیشکی بەتوانای هەرێمەکە پشکنینی بۆ دەکات پێیان ڕادەگەیەنێت کە بەهۆی ژەهری گوڵی نێرگز مردووە و ژەهرەکە لەناو لەشی دایە، دواتر پریاری ئەوەدەدات بیبات بۆ کوخەکەی و هەوڵی ئەوە دەدات ژەهرەکە لە جەستەی دەربکات، وەک لەم پەرەگرافەی خوارەوە ئەوە دەبنین چۆن ئەو هەوڵەی داوە.

**"بەم جۆرە کچە بەجێی دەهێڵێ، چەند جارێکی تر بەنهێنی سەر بە کۆخەکەی میخۆ دادەگرێ، سەر لەبەری چیرۆکی هاتنی میخۆ بۆ کۆخنیشینەکە و بە مردوویی و مانەوەی لە کۆمادا بۆ ماوەی دەساڵان، جارێکی تر گەڕاندنەوەی بۆ ژیان، دەردانی ژەهری ڕەش و هەموو ئەو شتانەی ورد و درشت بۆ باس دەکات."**(دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ : ٨٩)

وەک دەبینین میخۆ جارێکی زیندوو دەبێتەوە و لەلایەن پزیشکی بەتوانای ئەو هەرێمە ژەهرەکەی لە لەشی دەر دەکرێت و دوای ئەوەی بۆ ماوەیی دەساڵان بە مردووی لە کوخەکەدا لەژێر چاودێر ئەو پزیشکە بووە و جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ژیان و لەمردن ڕزگاری دەبێت. ئەمەش هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا هەوڵی گەڕانە بەدوای نەمریدا و ئەمەش هەر لە کۆنەوە خەونی هەموو گەلان بووە و مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە کات و زەمەنی جیاواز و بەشێوازی جیاواز ئەو هەوڵەیان داوە وەک لەم سەردەم و زەمەنەی ئێستا مرۆڤەکان لەڕێی زانستی پزیشکیەوە هەوڵی بۆ دەدەن.

ئەم هەوڵەی گەڕان بەدوایی نەمردیدا جارێکی تریش لە نێو ڕۆمانەکە دووبارە دەبێتەوە و ئەمجارەیان میخۆ دەبێت بەو پاڵەوانەیی، کە بەدوای نەمریدا بگەڕێت و لەبواری پزیشکیدا لێکۆڵینەوەی زۆر بکات لەو هەرێمەی نێرگزان، کە ئەو جاری یەکەم بە مردوویی لەو ناوچەیەدا دۆزرایەوە جارێکی تر ژیانی بۆ گەڕایەوە،بەڵام ئەو جارەیان ئەو دەبێت بە فریاد ڕەسی نارسیس و ئەویش هەمان ئەو چیرۆکەی میخۆی بەسەردادێت دوای ئەوەی چەند ساڵێک بەمردوویی میخۆ چاودێری دەکات لە تاقیگەکەیدا و جارێکی تر ژیانی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەفسانەکان بە درێژایی مێژوو خۆیان دووبارە دەکەنەوە لە هەر کات و سەردەمێک دابێت ڕەهندە ئەفسانەیەکانیان تێکەڵ بە چیرۆکی مرۆڤەکان دەکەن و مرۆڤەکانیش پەنا بۆ ئەفسانەکان دەبەن بۆئەوەی نهێنی و شتە پەنهانیەکانیان پێ بدرکێنن.

هەروەک لەسەرەتاشدا ئاماژەمان بەوەدا نووسەر بەشێک لە کاراکتەرەکانی لەسەر ئەفسانە گریکیەکان بنیات ناوە و چەند کاراکتەرێکی سەرەکی پێ بنیات ناون وەک هەر یەک لە کاراکتەرەکانی نارسیس و ئۆدیپ، کە هەردووکیان دوو کاراکتەری سەرەکین و ڕۆڵیان لە بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان هەیە تاکۆتایی، لە پاڵ ئەمانەدا کاراکتەرێکی کچیش بەهەمان شێوە لەسەر یەکێك لە ئەفسانە گریکیەکان بنیات ناوە وەک لەم پەڕەگرافەی خواوەدا بەرچامان دەکەوێت.

**" پادشا خووی بەم کارەوە گرتبوو، چێژێکی زۆری لەشەوە ڕەشدا دەبینی، شەوێکیان لەکاتی دەرپێ هەڵدان و میران دەلینگی دەرپێی کچێکی دوانزە ساڵانی دەکەوێتە دەست، کاتێ مەڕاسیمی ناسینەوەدەرپێکان دەست پێ دەکات. دەرپێکەی دەستی میر هی ئەلیکترای کچی خۆی دەردەچێ، بەمەش ئەمێز تووشی هەڵوێستێکی ئێجگار سەخت و ناخۆش دەبێ، یان دەبێ وەك دامەزرێنەری شەوە ڕەشە، لە ڕێبازەکەی بەردەوام بێ، یاخود**

بنەماکانی دامەزراندنی گروپە هەوەستبازییەکەی پێشێل بکات و تێك بشکێنێ." (دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ :١١٢)

لەم پەڕەگرافەشدا دەبینین کاراکتەرێکی کچی لەسەر ئەفسانەی ئەلیکترای یۆنانی بنیات ناوە و ڕۆڵی لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵێک لە ڕووداو و بەسەرهاتی ناو ڕۆمانەکەدا هەیە، ئەفسانەی ئەلیکترا یەکێکە لە ئەفسانە بەناوبانگە یۆنانیەکان حەزی کچە بۆ باوکی، ئەلیکترا کە کچی پادشای جاممنونی میسنا بووە، بەهۆی حەزی بۆ باوکی داوا لە براکەی (ئوریست) دەکات دایکی عاشقەکەی باوکی بکوژێت بە بیانووی ئەوەی دایکی خیانەتی لە باوکی کردووە، بۆ ئەوەی لەڕێی ئەمەوە بە حەزی خۆی بگات. لێرەدا نووسەر بەجۆرێکی تر ڕووداوەکەی مەزراندۆتەوە و ڕووداوێکی هاوشێوەی درووستکردووە لە ڕووداوە ڕاستەقینەکە نزیکی بکاتەوە، بەهۆی باوکی ئەلیکتراوە، کە حەزێکی زۆری هەیە بۆ سێکس بۆیە گروپێکی هەوەسبازی پێکهێناوە بەناوی شەوە ڕەشە لە تاریکیدا ئافرەتەکان دەرپێکانیان هەڵدەدەن و پیاوەکان دەرپێکە دەگرنەوە و دواتر مەراسیمی ناسینەوەی دەرپێکانە و لە یەکێک لە شەوەکان میر ئەمبێز دەرپێی کچە دوانزە ساڵانەکەی دەکەوێتە دەست، هەر چەندە بەمە تووشی هەڵوێستەکی ناخۆش دەبێت بەڵام یان دەبوو وەک دامەزرێنەری گروپەکە ئەو کارە ناحەز بکات لەگەڵ کچەکەی یان دەبوو یاسای گروپەکە پێشل بکات و گروپەکە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوە دەستبەرداری گروپەکە بێت بۆیە بێ بەزەیانە ئەوکارە ناحەزە لەگەڵ کچەکەی دەکات و دواتر ڕادەستی براکانی دەکات بیکوژن. وەک دەبینین نووسەر چۆن بەجۆرێکی تر ڕووداوەکەی ئەفسانەی ئەلیکترای مەزراندۆتەوە

جگە لە بەکارهێنانی ئەفسانەی خواوەندەکان و پاڵەوانیەتی و گەڕان بەدوایی نەمریدا، نووسەرهەندێ ڕەهەندی ئەفسانەی داوەتە پاڵ کەسەکان و شوێنەکان بۆ ئەوەی زیاتر تام و چێژی ئەفسانە بە خوێنەر بدات و چێژو حەزی خوێندنەوە و بۆ بەردەوامی ڕۆمانەکە و ڕاکێشانی بیرو هزری خوێنەر بۆنێو ڕووداوەکان و

بیرکردنەوە لێیان  تاکۆیی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە  هەموو ئەمانەشی بەهۆی ئەو ڕەهەندە ئەفسانەیان کردووە. هەروەک لەم پەڕافەدا بەرچاومان دەکەوێت.

**"زانست لای ئەوان گەیشتۆتە ترۆپکی پێشکەوتن، پیرییان چارەسەر کردووە، مردووش چاك دەکەنەوە، وەچەیان نییە و زیاد ناکەن یاخود نایانەوێ، چونکە لێرە هەموو شتێك ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە. هەموو شتێك بەبنەما دەڕوا، کەس گەورە نییە، کەسیش بچووك نییە، تێکڕا لەیەك دەچن، قەت بڵێی جوان و ناشیرین نییە، کورت و درێژی تێدا نییە. شەڕو کوشتنی نییە، کێشە و گرفت و سزا و پاداشت لە گۆڕێدا نییە، کەس دەغەز ناکەوێ و کەسیش غەمگین نابێ، پێکەنین وگریان دڵخۆشی و دڵتەنگبوون نییە، ژیان لێرە عەتر و عتوورە، جگە لەبۆنی گوڵ تا نها بۆنی تریان نەکردووە. خۆراکی خونچەی گوڵ و شەڕابی شیلەی گوڵ دەخۆنەوە، ڕۆژانە گوڵ دەڕووێنن و گوڵ دەدوورنەوە، خۆیان بە گڵاوی گوڵ دەشۆن و میزو پاشەڕۆی گوڵیش دەر دەدەن"**

(دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ : ٨٦ _٨٧)

دەبینین چەندین ڕەهەند و تایبەتمەندی و بۆن و بەرامە و چێژی ئەفسانە لەم پەڕەگرافەدا بەرچاومان دەکەوێت، وەک ناونی شوێنک بە ناوی هەرێمی نێرگزانەوە و دەکرێت ناونانی ئەم شوێنەش بۆ ئەفسانەی زەردەشت بگەڕێتەوە یاخود بۆ ئەفسانەی نارسیس لەسەرەتاشدا ئاماژەمان پێدا، لەبارەی ئەفسانەی زەردەشتەوە گوتراوە کەوا  پێغەمبەر زەردەشت لە ئارەقەی گوڵی نێرگز دروست بووە، دەڵێن کە زەردەشت پێغمبەرێکی سروشت دۆست بووە، دار و گیا و گوڵی خۆش ویستووە، زەردەشتیەکان تیشکی زەردی ڕۆژو ئاگریش بەپیرۆز دەزانن، نێرگزیش لە ڕەنگی زەردو سپی پێکهاتووە وسپییەکە وەک بەرگ وایە دەوری زەردەکەی داوەتەوە، بۆیە دەکرێ بە پیرۆزیان زانی بێت، دەکرێ نووسەر لەسەر یەکێک لەم ئەفسانانە ئەو شوێنەی بنیات نابێت، هەندێ لەو تایبەت مەندیانەی لەو شوێنە هەن، کە بۆن و بەرامەی ئەفسانەی بەشوێنەکە داوە بریتین لە:(

چاکردنەوەی مردوو و چارەسەری پیری لەڕێگەی زانستی پزیشکیەوە، هەموو کەسێک وەک یەک بێت و هیچ مرۆڤێکی گەورە یان بچووك نییە یاخود جوان و ناشیرین نییە هەموویان وەک یەکن، خواردن گوڵە و شەرابی شیلەی گوڵ دەخۆنەوە... هتد.) بوونی ئاوا هەرێمێك مەگەر تەنها لە ئەفسانەدا هەبێت. لە ڕاستەقینەدا ئەگەر هەش بێت بەم جۆرە نییە.

نووسەر لەم ڕۆمانەیدا هەندێک ڕووداو و دیمەن دەخاتە بەرچاومان و دیمەنەکان چەند جارێکیش دووبارە دەبنەوە بە بۆن و بەرامەیەکی ئەفسانەی وەک لەم دوو پەڕافەدا دەردەکەوێت دوو جار دێمەنێک لە ژوورێکدا بەشێوەیەکی ترسناك دووبارە دەبێتەوە.

**" دیمەنەکە لەشێوەی ژنێک خۆی نیشان دەدات، پاڵی بە کورسییەکەوە ناوە، خۆی بۆ دواوە دەهەژێنێتەوە و قژی تاسەر زەوی درێژبۆتەوە، ئۆدیپ لەگەڵ هەر هەنگاوێك دەچێتە پێشەوە هەناسەی توندتر دەبێ و ترپەی دڵی خێراتر دەبێ، بەترسەوە دەست دەخاتە سەر شانی هەر لە باڕبییەکی ترسناك دەچێ."** (دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ : ١٩٦)

وەک لەم دیمەنە دا دەی بینین بەشێوەیەکی ترسناك و تۆقێنەر باس لە ژنێک دەکات، کە لە ژوورێکی تاریک دانیشتووەو دیمەنەک لەشێوەیەکی ترسناك و تارمایی خۆی پیشان دەدات ئەمانەش تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئەفسانەین و جارێکیتر هەمان دیمەن دووبارە دەبێتەوە و بەتایبەتمەندی زیاتری ئەفسانە وەک لەم پەڕەگرافەی خوارەوە دەی بینین.

**"کاتێ خۆی قیت دەکاتەوە هەست بە تارماییەك دەکات، ئاوڕ لە پشتی خۆی دەداتەوە، تارمییەکە لەپشتی هەڵدەزلۆقێ، تارماییەکە کچە قژ درێژەکەیە، ڕەنگێکی سپی پەڕیوی هەیە، دووچاوی زەقی ئەبلەق بوو، تریسکەیەك لە دڵی ئۆدیب گیردەکات ئەژنۆکانی تەتەڵە دەکەن، بۆ**

**دواوه دەكشێتەوە، چەند جار بەپشتدا دەكەوێ و هەڵدەستێتەوە... هتد"**(دڵشاد کاوانی، ٢٠٢٠ :٢٠٠_٢٠١)

دیمەنی تارماییەکە دووبارە خۆی پیشان دەداتەوە لە شێوەی ژنێکی قژ درێژی ڕەش و دوو چاوی زەقی ئەبڵەق و ترسناك كەوا لە ئۆدیپ بكات هەترەشی بچێت وچەند جارێک بەسەر یەکەوە بکەوێت و دواتر لە هۆش خۆی بچێت. ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەم دیمەنە بە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەفسانە خۆی پیشان دەدات.

یاخود نووسەر هەندەێك وشەی بەكارهێناون و خستوونەتیە پاڵ هەندێك لە كەسایەتیەكان بۆئەوەی وەك پاڵەوانێكی ئەفسانەیی دەر بكەون وەك لەم پەرەگرافەدا بەرچاومان دەكەوێـت:

**"ئەوخۆی هیچ ڕووداو و سەبردە و حەكایەتێكی نییە، هەموو چیرۆكەكانی چۆلگە و گوند و شار و هەرێم و بگرە دونیاش بە ئەوە بەندە، لە بەعزێك هەرێم و مەمەلەكەتدا پیاو چاك و ئەولیایە، لە هەندێكی تر پێغەمبەر و پەیامهێنەری خوایە، لە زۆرێكیشیان پیاو خراپ و چارە پیس و ئیبلیس و ڕوو ڕەش و ئەهریمەن و دژە خوایە. كەس نازانێ ناوی چییە و كوڕی كێیە، خەڵكی كام هەرێمە؟ لەوەش سەیرتر هیچ تەمەنێكی نییە،"**(دڵشاد کاوانی،2020: 171)

وەك لەم پەرەگرافەدا دەبینین كەوا نووسەر بەكارهێنانی هەندەك وشەی تایبەت، كە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەفسانەیان لەخۆدا هەڵگرتووە، وایكردووە ئەم كارەكتەرە بەشێوەیەكی ئەفسانەیی دەربكەوێت وەك بەكارهێنان ئەم وشانە(پێغەمبەر، ئەهریمەن، ئیبلیس...هتد) بەم وشانە توانیویەتی ئەم كارەكتەر وەك پاڵەوانێكی ئەفسانەیی دەربخات.

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا:

- مەزراندنی هەر سێ کاراکتەری سەرەکی (نارسیس، ئۆدیب، ئەلیکترا) لەسەر ئەفسانە یۆنانییەکانی(نارسیس، گرێی ئۆدیب، گرێی ئەلیکترا) لەلایەن نووسەرەوە، کە ئەم کاراکتەرانە ڕۆڵێکی گرینگیان لەتەواوی ڕووداوە سەرەکیەکانی ناو ڕۆمانەکەدا هەیە، هەروەها نووسەر پەیوەندی خزمایەتیشی لەنێوان ئەم کاراکتەرانەدا دروستکردووە.

- تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی جۆری ئەفسانەی پاڵەوانیەتی و خواوەندەکان و دروستکردنی پاڵەوانی نیمچە خواوەند و ئەنجامدانی بەشێك لە ڕووداوەکان بەم جۆرە پاڵەوانە و پێدانی چێژی زیاتر بە ڕۆمانەکە، وەك بەکارهێنانی هێزی هەردوو خواوەندی(تور، زیۆس)ی یۆنانی.

- بنیاتنانی شوینێك بە تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئەفسانە بە ناوی هەرێمی نێرگزان، بەکارهێنانی ئەو هەرێمە لە بەشێك لە ڕووداوەگرنگەکان، هەروەها گەڕان بەدوای نەمریدا خەونی خەڵکی ئەو هەرێمە بوو، ئەمەش یەکێکە لە ئەفسانەکان و بە درێژایی مێژوو خەونی گەلان بووە.

- مەزراندنەوەی ڕووداوە ئەفسانەیەکەی گرێی ئۆدیب لە ڕۆمانەکەدا بەشێوازێکی تر لەنێوان هەردوو کاراکتەری سەرەکی نارسیس و ئۆدیب، کە پەیوەندی باوك و کوڕ لەنێوانیاندا هەبوو، هەروەها ئەفسانەی ئەلیکترای بەشێوازێکی سەرنجکێش لەنێوان باوکی و کچەکەیدا مەزراندۆتەوە.
- بەکارهێنانی هەندێ ڕەهەندی ئەفسانەیی واتا خەسڵەت و تایبەتمەندی بۆ ڕووداوەکان، شوێن و کەسایەتییەکان، وەك بەکارهێنانی وشەی (تارمای، جنۆکە، ئیبلیس، ئەهیرمەن، شەیتان کێو یان دەستێك لە ئاگر و دەستێك لە ئاو) کە ئەمانەش زیاتر بۆ مەبەستی ئەفسانە بەکارهاتوون.

# سەرچاوەکان:

**یەکەم: کتێبەکان بەزمانی کوردی:**

1_ بەختیارسەجادی و محەمەد محموودی،فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی،دەزگای سەردەم،سلێمانی 2002

2_ برنارد کلاڤیل، ئەفسانەی جەنگەڵ و چیاکان، و: بەهزاد عەوێزی، چاپ و بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر2014

3_ دڵشاد کاوانی، ڕۆمانی بەڕێگاوە،چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگڵ(تاران) 2020

4_ دیوانی شێرکۆ بێکەس، کۆبەرهەمەکان، بەرگی سێیەم(1971- 1993) چاپی یەکەم- کوردستان 2006

5_ شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی وەزەرەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر 2005

6_ عبدوڵڵائیبراهیمی، کاوە"فەرهەنگی فارسی- کوردی"، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس- هەولێر2012

7_ فەرهادعزیزخۆشناو، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردی بەپێی دەقە پەهلەوییەکان، دەزگای ئەکادیمی، چاپی یەکەم، هەولێر2013

8_ مەولود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمرییدا لەنێوان ئەفسانەی کوردی و فارسیدا، چاپی یەکەم، هەولێر2002

9_ محەمەد ناهید، فەرهەنگی ناهید، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر 2011

10_ نەبیلە ابراهیم، ئەفسانە، و: محەمەد بەدری، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد 1986

11_ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب وزانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزلنووس، چاپخانەی تاران 2015

12_ نەجم ئەڵوەنی، ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، هەولێر2007

**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

13_ كلود ليفى شتراوس،الاسطورة والمعنى، ترجمة وتقديم: شاكر عبدالحميد، مراجحة: عزيز حمزة، الطبحة الاولى، دارالشوون الثقافية الحامة، بغداد 1986

14_ كارين ارمسترونخ، تاريخ الاسطورة،ترجمة: وجية قانصو، الطبحة الاولى، دارالعربية للعوم ناشوون، لبنان-  بيروت 2008

**سێیەم: نامەکان:**

15_ پەریشان خالد صابر، (ڕەهەندی ئەفسانەیی لە لاوکی کوردەواری)دا کتێبی (سوارچاکی لە لاوکی کوردەواری) بەنمونە،2014

**چوارەم: گۆڤارەکان:**

16_ پێشڕەوعبدوڵڵا ، دەقێتی دەق، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(158)، 2010/7

17_ فەرهاد عزیز حسن، ڕەخنەی ئەفسانەیی، گۆڤاری لێوار، ژمارە (2) ئاداری 2016

18_ مستەفا سەعید عەلی، ئەفسانە چیە؟ گۆڤاری ڕامان، ژمارە(209)، 2014/10/5

19_ هیمداد حوسین، زمان ودەقی ئەدەبی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(131)، 2008/4/5